ROJIGEL رۆژی گەل

NO: (132) August. 2005

# مامۆستایانی شۆڕش کێن..!؟

ئازاد نەجمەدین نوری



دیارە شۆڕش بەواتای گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکانە لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. تادوایی، لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا خۆ ئەگەر هەر شۆڕشێك لایەنێك لە لایەنەکانی پشت گوێ خستبێت وەیان بەلاوازیی کاری بۆ کردبێت، ئەوا بنچینەی ئەو شۆڕشە هەر لەسەرەتاوە لاوازبووە و ئەنجامەکەیشی زیان بەخش بووە بۆ گەلو شۆڕش.

شۆڕشەکانی گەلی کورد کەم تا زۆر گرنگی بە هەمەلایەنەی گۆڕنکاریەکانی داوە، ئەگەرچی زۆرجاریش بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و تاکە کەسی بەهەڵدا بردوونی و بەرەو هەڵدێر ملیان ناوە. ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت لایەنێکی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەیەو ئەوەندەیشی بەهەر لایەنێکی ترەوە هەبێت لەهەر قۆناغ و بارودۆخێکی شۆڕشەکانی کورددا لێی دەدوێین، پێویستە ئەوەش ڕەچاوە بکرێت کە قۆناغ و سەردەمی شۆڕشەکان و هەڵوێستی ڕژێمەکانیش لەعێراقدا هەمیشە لەگۆڕاندابوون.

لەسەرەتای شەستەکانەوە کە شۆڕشی کورد گەشەی کردووە و ڕووبەڕوو بوونەوەو بەیەکداچوونی خوێناوی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕژێمی عێراقی دا دەستی پێکردووە، لەو سەردەمەدا نەخشەو پلانە دوژمنکاریەکانی ڕژێم نەگەیشتبووە ئاستی شەلم کوێرم ناپارێزم و تەڕو ووشك بەیەکەوە بسووتێنرێت، ئەگەرچی بۆمباباران و تۆپ بارانی گوندەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە هەر کراوە و ئازاردانی کەسانی بێ تاوان و دانیشتوویش هەربووە، ئەوەی گرنگە ئەو دڕندەییە نەگەیشتبووە ئاستی کیمیاباران و ئەنفال.

هەروەها لەڕووی لایەنەکانی تری ژیاندا، بۆ نموونە ئەو سەردەمە پەلاماری کێشانەوەی مامۆستایانی ئاینی لە مزگەوتەکان و داخستنی قوتابخانەکان لە گوندەکاندا نەبووە، لەلایەکی ترەوە شۆڕشیش لەو سەردەمانەدا لەو ئاستەدا نەبووە کە توانای ئەنجامدانی کارە گەورەکانی هەبێت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵكو فراوان کردنی بنکەی شۆڕش.

شۆڕشی کورد لەو سەردەمەدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی قوتابخانەیەك ڕەنگە تەنها ئەوەندەی پێ کرابێت کە بتوانێت یارمەتی کەسێکی بەتوانا یان مامۆستایەکی دابێت تاکو لە قوتابخانەیەکدا وانە بڵێتەوە، وەیان کەسێك کە تیمارکردنی خەڵکی لە ئەستۆ گرتبێت، بەڵام توانای کردنەوەی خولێکی پێشکەوتووی نەبووە بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەك کادر بۆ برین پێچی و دەرزی لێدان و وەیان خولێکی ئامادەکردنی مامۆستایان.

میللەتی کورد، میللەتێکی دواکەوتوو نەخوێندەواربووە، ڕژێمی عێراقیش لە هەموو ئەو سەردەمانەدا، هەوڵی زیاتری داوە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لەناو ڕۆڵەکانی کورددا، چونکە زانیویەتی لەو ڕێگەوە هەمیشە میللەتی ئێمە بەژێردەستەیی دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا شۆڕشەکانی کورد هەمیشە خۆی بەو ڕژێمانەو بەجیهانیش ناساندووە و زەبری کاریگەری لە ڕژێمەیەك لەدوای یەکەکانی عێراق وەشاندووە و زۆرجاریش ئەو ڕژێمانەی سەرشۆڕو ناچارکردووە ئەگەر شتێکی کەمیش بێت بۆ گەلی کوردی بکات، کە ئەوە دانیان بووە بەبوونی کورددا.

شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی پیلان بۆ داڕێژراو و بەرژەوەندی دەوڵەتان و دراوسێکانی عێراق و کوردو لەئەنجامی هەندێ هۆی بابەتی تر کە پەیوەندی بووە بە هەڵەی سیاسی سەرکردایەتی کوردەوە شکستی هێناوە لەبەریەك هەڵوەشا، دواتریش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تاکو دەهات ڕژێمی عێراقی بەهێزتر دەبوو، تاوای لێهات دوا لوتکەی بەرزی ئەم کوردستانە کەوتە ژێر پێی پۆستاڵ ڕەشەکانی ڕژێم، لەبەرامبەر ئەوەشدا وورە و تواناو باوەڕی خەڵکی کوردستان بەردەوام لە نزم بوونەوەدا بوو، خەڵك لەو باوەڕەدا نەبوو کە جارێکی تر لە کوردستاندا کەسێك هەبێت باس لە شۆڕش بکات، ڕژێمی بەغدایش نەخشەو پیلانە دڕندەکانی خۆی کە لە بەرژەوەندی تەسکی تاکە حزبی خۆیدا بوو، گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەست بکات بەڕاوونان و گرتنو ڕووخاندنی کەسانی سەربەخۆ بەهاوپەیمانەکانی خۆیشی و هەرچی ناوی بەرەی نیشتمانی هەیە نەهێڵێت، مەگەر بەناو بەرەیەکی کارتۆنی دروست کردبێت.

ئالەو بارودۆخە سەختو و سامناکو وورە نزمیو بێ باوەڕییەی خەڵکدا بەشۆڕش، ئالەو تواناو هێزی بێشومارو، دڕندەییەی ڕژێمدا جارێکی تر شۆڕشی گەلی کورد سەری هەڵدایەوە و بەگوڕوتینێکی زۆرەوە هاتەوە مەیدانی خەباتو تێکۆشان، شۆڕش هەر لە سەرەتاوە بنەما سەرەکییەکانی شۆڕشی لەبەرچاو گرت، لەگەڵ ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتربوونی شۆڕش و مەیدانی خەباتیدا، گرنگی پێدان بەهەموو لایەنە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕۆشنبیرییەکانی زیادبوو، کە ئێمەیش لێرەوە زیاتر دەچینە نێو باسەکەمانەوە.

لەو باوەڕەوە کە ڕێکخستن ئامرازی خەباتە، شۆڕش گرنگییەکی تەواوی بەکاری ڕێکخستن و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك داو هاوشان لەگەڵ بەهێزکردنی باڵی سەبازیشدا بەری کرد بەلای کردنەوەی خولی هەمەجۆری سوودبەخش لەڕێی کادرە دڵسۆزو لێهاتووەکانیەوە، گرنگترینی ئەو خولانەش خولی پزیشکی بوو بۆ لاوانی ناوچەکان و ژمارەیەك پێشمەرگە، ئەویش بێ گوێدانە تەزکیەی حزبی بۆ بەشداربوو، لێرەدا جێی خۆیەتی نمونە لەسەر ڕاستی ئەو مەسەلەیە بهێنینەوە کە دکتۆری خۆشەویستی خەڵكو پێشمەرگە لە ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیان و شارەزوور (دکتور حسن) لە سەرەتای دەستپێکردنی خولی پزیشکیدا لە گوندی تەکیەی قەرەداغ ساڵی ١٩٨٣ ووتی:

((مەبەست لەم خولە فێکردنو ڕاهێنانی ژمارەیەك لاوی کوردە لەبواری پزیشکیدا بۆ خزمەت گەیاندن بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە، هەروەها ووتی ئێمە گوێ بەوە نادەین کە بەشداربووان هەر هەڵوێستێکی سیاسییان هەبێت.

ئەم بۆچوونەی مامۆستاو سەرپەرشتیاری ئەو خولە (دکتور حسن) جێی دڵخۆشی هەمووان بوو، دیارە ئەو کەسێکی دڵسۆزو بەڕاستی نیشتمان پەروەرو مرۆڤ دۆست بوو، هەر بۆیە خولەکەیشی زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدراو ئەو ژمارە کەسە سەرکەوتوو بوون لە فێربوونی دەرزی لێدان و تەداوی و برین پێچی برین دورینەوەدا کە ڕۆژانی دوای ئەوە هەمووان جێ دەستیان دیاربوو لە خزمەتکردندا.

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش بوارێکی ترە لەو بوارانەی کە شۆڕش گرنگی پێدا ساڵانی هەشتاکان جەنگی نێوان عێراق-ئێران لە فراوانبوون و توندو تیژیدابوو، ڕژێمی عێراق لەگەڵ شپرزەبوونی لەو جەنگەدا هێشتا لەجێبەجێ کردنی بەرنامەو گلاوەکانیدا بوو لە کوردستاندا، ئەگەرچی ئەو جەنگە هۆکارێکی گرنگیش بوو بۆ فراوان بوونی بنکەی جەماوەری مەودای گۆڕەپانی شۆڕش.

ناوچە ئازاد کراوەکان فراوانتربوونو شۆڕشیش لەگەڵ بارودۆخەکەدا گونجاو چووەپێش، شۆڕش هاوکات لەگەڵ بوارەکانی تردا زیاتر ڕووی لەبواری پەروەردە و خوێندنیش کرد و ڕووی لەخوێندنگاکانی گوندەکان کرد، ڕژێم لەو سەردەمەدا زۆر لە خوێندنگەکانی پشتگوێ خستبوو، بەڵام کەسانی دڵسۆزی ڕۆشنبیری گەلەکەمان بەویستی خۆیان ڕوویان دەکردە ئەو خوێندنگایانە و تاڕادەیەکیش شۆڕش هاوکاری دەکردنو کارئاسانی بۆ دەکردن.

ئالەو کێشمانکێشەداو لە چوارچێوەی بەرنامەی شۆڤێنیستی خۆیدا و فشار خستنەسەر ناوچە ئازادکراوەکان، بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی بەعەرەب کردنو کۆچ پێکردنی بە زۆرو ڕاونان و بەبەعسی کردنو .. تادوایی.. هەر بۆیە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕژێم بڕیاری کێشانەوەی سەرجەم خوێندنگاکانی گوندەکانی دا، کە ئەوە مەبەستێکی دێرینی ئەو ڕژێمە فاشییە بوو کە مندالانی کورد وەچەی داهاتووی نەتەوەیەك لە پەروەردەکردنو فێرکردن بێبەش بکات، خۆ دیارە هەوڵی هەمیشەی ئەو ئەوەبوو کە شوێنەواری کورد لە ڕەچەڵەك دەربهێنێت..

بەڵێ خوێندنگاکان داخران و تۆپ باران و بومبابارانی ڕژێم بۆسەر ناوچە ئازادکراوەکان بەردەوام بوو، ئالەو کاتەدا ئەرکێکی گەورەتر کەوتە ئەستۆی شۆڕش و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و سەرجەم دڵسۆزانی میللەتەکەمان بۆ پووچەڵ کردنەوەی نەخشەو مەبەستی گلاوی ڕژێمی فاشی.. هەر بۆیە شۆڕش هەڵوێستی ڕاستو دروستی خۆی زۆر بەخێرایی دیاری کرد و هاوکاری باشی یەکێتی مامۆستایانی کرد، شۆڕش هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی گەورەی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا کردو لەو مەرامە گلاوەی ڕژێمی فاشی هەمووانی ئاگادارکردەوە دەیان کاری بەکردەوە و گرنگتریشی ئەنجامدا بەبانگەواز کردنی بۆ کەسانی بەتواناو دڵسۆز، بۆ ڕۆشنبیران، بۆ سەرجەم مامۆستایان و دەرچوانی ئامادەیی کە بەزوویی لە شوێنی دیاری کراودا ئامادەبن بۆ بەشداری کردن لەو خولەدا کە ئامادە دەکرێت بۆ ئامادەکردنو پێگەیاندنی مامۆستایان، دیارە بڕیاری واو هەڵوێستی دروستی لەو چەشنە کە بەرپەچدانەوەی بەرنامەی ڕژێمی دڕندەی بەغدا بوو بڕیارێکی مێژوویی گەورەبوو، زیاتریش خۆ ئامادەکردن و چاوەڕوانی توندوتیژی لێوە دەکرا لەلایەن ڕژێمەوە بۆ سەر گەلەکەمان و شۆڕشیش، وەها بڕیارێك کەم وێنەیە لە مێژوویی خەباتی گەلاندا...

بەڵێ خولی ئامادەکردنی مامۆستایان کە ناونران (مامۆستایانی شۆڕش) دەستی پێکرد، ئابەو جۆرە مامۆستایانی شۆڕش هاتنە گۆڕەپانی خەباتی پەروەردەو فێرکردنو بوونە پاڵپشتێکی گەورە بۆهێزی پێشمەرگەی کوردستان..

من لێرەدا تەنها باس لەو خولەی سنووری مەڵبەندی یەك کە لەناوچەی قەرەداغ بناری سەنگاو و شارەزوور روبەشێك لە گوندەکانی بازیان دەکەم، بەو هیوایەی دڵسۆزانی گەلەکەمان کە بەئاگان لەڕۆڵی مامۆستایانی شۆڕش لەو سەردەمەدا لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا هەرچی زانیاریەکیان هەیە بیخەنە پێش چاو بەو هیوایەی خەباتو ڕۆڵ مامۆستایانی شۆڕش لە هەموو کوردستاندا بکرێتە نامیلکەیەكو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد پێ پرشنگدار بکرێت.

پاش ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەلاوانی دڵسۆزو خوێن گەرمو بەتوانا، لەنێوانیاندا چەند مامۆستایەکی پسپۆڕو شارەزا و خاوەن ئەزموون دیاری کران بۆ لە ئەستۆ گرتنی وانە ووتنەوە لە خولەکەدا، کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد بە هاوکاری و یارمەتی و پشتگیری مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ك) کە لە نزیکەوە چاودێری و سەرپەرشتی خولەکەی دەکرد..

خول مامۆستایانی شۆڕش لەناوچەی قەرەداغ لە گوندی تەکیەوە دەستی کرد، بەڵام بەهۆی باری ناهەموار ناوچەکەوە، وەك هەموو بەشەکانو ناوچەکانی تری کوردستان کە لەژێر سایەی تۆپ باران و لێدانی فرۆکەکانی دوژمنی بەعسدا بووین ئەو خولە نەتوانرا لەیەك شوێندا جێگیر بکرێت، هەر بۆیە پێشمەرگەئاسا بەش زۆری مامۆستایانی خولەکە چەکی خۆی لەشاندا بوو، جولە دەکرا بەناو گوندەکانداو وانە وتنەوەی خولەکەش بەردەوام بوو کە لە بینای مزگەوت و خوێندنگاکاندا بوو، ژیانیشمان دیسان پێشمەرگە ئاسا بوو، لەماڵاندا نانو ئاو دەخوراو شەوانە بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا بە ووریایی و حەرەسیات گرتنەوە دەنوستین.

سەرەتا خولەکە لە مزگەوتی تەکیەی قەرەداغەوە دەستی پێکرد، هەموو پێویستییەکانی بۆ ئامادەکراو بۆماوەی چەند ڕۆژێك هەر لەو گوندە ماینەوە و خواردنو پێویستیەکانی خولەکەو ئەو ژمارە زۆرە لە مامۆستایان بۆ ئەو چەند ڕۆژە کەسایەتی ناسراوی گەلەکەمان مامۆستا بەهادین نوری گرتیە ئەستۆی خۆی کە ئەو کاتە دانیشتووی ئەو گوندە بوو..

دوای بەجێهێڵانی گوندی تەکیە ڕوومان کردە گوند سێوسێنان، لەو گوندە نوێنەرانی مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ك) هاتنە لامانو سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی لیژنەی سەرپەرشتیاری خولەکەو سەرجەم مامۆستانیان کرد بۆ لە ئەستۆ گرتنی کارەکانی ڕۆژانی داهاتووی مامۆستایان، شایەنی وتنە ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە پرۆسەیەکی دیموکراتیانەی کەم وێنە بوو لەمێژووی خەباتی گەلەکەماندا، هەر لەو هەڵبژاردنەدا بەڕێز مامۆستا علاو نوری بابا علی بەڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ ی دەنگەکانی هێناو بووە لێپرسراوی یەکەمی سەرجەم مامۆستایانی شۆڕش لەو سنوورەدا..

چۆنیەتی خۆپاڵاوتن و هەڵسەنگاندنیش بەم جۆرە بوو: مامۆستای خۆپاڵێو هەڵدەستایە بەردەم هەموو مامۆستایانی خولەکەو پاش خۆناساندن، کورتەیەك لەژیانی خۆیو خەباتی باس دەکرد، ئەوسا مامۆستایان هەڵیان دەسەنگاندن، هەر مامۆستایەکیش هەر ڕاو بۆچونێکی لەسەر ئەو کەسە هەبوایە زۆر ڕاشکاوانە دەیخستە بەردەم هەموو مامۆستایانو پاشان دەنگی لەسەر دەدرا بەشێوەی نهێنی، ئابەو جۆرە ئەو پرۆسەیە زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدراو بەڵێن درایە مامۆستایانی شۆڕش کە مەڵبەند هەموو توانای خۆی دەخاتەکار بۆ هاوکاری و پشتگیری مامۆستایان بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان..

هەر لەوێشدا بەڕاستەوخۆیی بەڵێن درایە مامۆستا علاو کە ئەگەر ڕۆژانێك شۆڕش و (ی.ن.ك) سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا مامۆستا علاو نوری بێ هیچ مەرجێك دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی ئەو بەڵێنانە زۆر دڵخۆشکەر بوون بۆ مامۆستایانی شۆڕش و هاندەریش بوون بۆ ئەوەی توندوتۆڵتر چاکی مەردانەی لێهەڵکەن بۆ خزمەتکردنی ئەو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەی منداڵانی بێنازی کورد.

دیارە ڕژێم لە چوارچێوەی هێرش و پەلامارە دڕندانەکانی و نەخشەکێشان بۆ لێدانی هەر کۆڕو کۆمەڵو بوارێك کە مەترسی بۆ سەر بەرنامەو دەسەڵاتی ئەو بووبێت دەستەوەستاو نەوەستاوە، هەر بۆیە کاتێك زانیاری دەستکەوت کە شۆڕش و ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەرپەرچ نەخشەو پیلانە گلاوەکانی ئەو دەدەنەوە و نیازی ئاوەدانکردنەوەی خوێنگاکلانیان هەیە، کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام جێی سەرنج و باسە کە ئەمجارەیان ئەو ئەرکە مەزنو پیرۆزەی مامۆستایانی شۆڕش لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان کەوتە لێکۆڵینەوە و نەخشە بۆ کێشان بۆ لێدانی، ئەوەش ئەوەی سەلماند کە ئەو ئەرکەی کە ئەو مامۆستایانە لە ئەستۆیان گرتبوو زۆر جێی مەترسی بوو بۆسەر ئەوان، هەر بۆیە لەنزیکەوە، لە دەرەوەو ناوەوەو لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیاوە کەوتنە چاودێری و هەوڵی لێدانی مامۆستایانی شۆڕش، هەر ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردنەکانی ئێمە لە گوندی سێوسێنان کۆتایی پێهات، کاتێك کە هەواڵی ئاراستەی جەولەکەی ئێمەی بەدەست گەیشت کە ڕۆژی دوایی بەرەو گوندی بەڵخە دەچین، ئەو ڕۆژە کۆپتەر کەوتە ئاسمانی ئەو ناوچەیەو تۆپ بارانیش دەستی پێکرد، بەڵام خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی نەبوو، ئەم کارە دڕندانەیەی ڕژێم نەك لەوورەی مامۆستایانی شۆڕشی دانەبەزاند بەڵکو هەستی شۆڕشگێڕانەی مامۆستایانی شۆڕش گەیشتە ئەو ئاراستەی کە لە هەرلایەك پەلاماری چەکدارەکانی ڕژێم بهاتایەتە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، زۆبەی مامۆستایانی شۆڕش کە چەکدار بوون لە سەنگەرەکانی بەرگریدا خۆیان دەبینییەوە و بەشداری تێکشکاندنی هێرشی دوژمنایان دەکرد.

جەولەی مامۆستایانی شۆڕش کە کۆتایی خولەکە و تاقیکردنەوە بوو لە گوندی بەڵخە کۆتایی پێهات، بەڵام هەر لەو ڕۆژانەدا هەواڵ گەیشتە دەستمان کە ڕژێم چەند چەکدارێکی ئەڵقە لەگوێ ناردۆتە ناوچەکە بۆ لێدانی ئێمە، بەڵام وریایی مامۆستایانی شۆڕش ئەو پیلانە نامرۆڤانەیەیشی پووچەڵ کردەوە.

لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە مامۆستایان دابەشی سەر خوێندنگای گوندەکان کران، بەو جۆرە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی ڕۆڵە بێنازەکانی کورد لەو ناوچانەدا لەلایەن مامۆستایانی شۆڕشەوە دەستی پێکرد... بەهاتنی مامۆستایانی شۆڕشیش بۆ گوندەکان و ئاوەدانکردنەوەی خوێندنگاکان، گوندنشینەکان زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی ئەو مامۆستایانەیان کردو دەستی یارمەتی و هاوکارییان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ درێژکردن، هەموانیش بەشادییەوە ڕۆڵەکانی خۆیان ناردە خوێندنگاکان بۆ خوێندن، جوتیارەکانی ئەو گوندانەش هەندێکیان زەوی و ئاویان دایە ئەو مامۆستایانە تاکو بیکەنە کشتوکاڵو پێویستی ڕۆژانەیانی لێ دابین بکەن.

مامۆستایانی شۆڕش بەوپەڕی سنگ فراوانی و گەیانی لەخۆ بووردنەوە دەستیان بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکە مێژووییە پیرۆزەکەیان کرد بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە شۆڕش توانای یارمەتی دانیانی کەمەو ڕەنگە هەر نەشتوانێت یارمەتییان بدات، لە ڕاستیدا سەرەنجام هەرواش دەرچوو، ساڵی یەکەمی خوێندن تەواو بوو، تەنها یەك مانگ موچە درایە مامۆستایان، ئەو پۆلە مامۆستایە کە ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیریيان زۆر بەرز بوو، کە زۆر دڵسۆزی گەلو نیشتمان و منداڵانی کوردستان بوون، تاکو دەهات زیاتر برەویان بەکارەکەیان دەداو دڵسۆزانەتر ئەو ئەرکە پیرۆزەیان ئەنجامدەدا، چونکە دەیانزانی ئەو منداڵانەن وەچەی دوا ڕۆژی میللەت و ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی کوردستانیش هەر لە ئەستۆی ئەوانە، هەربۆیە هیچ گوێیان بەماندووبوونی بێ بەرامبەر نەدەداو چالاکانە لە خزمەتکردن بەردەوام بوون.

مامۆستایانی شۆڕش، هەروەك ئەوەی مامۆستابوون و هەموو خوێندنگاکانی ئەو ناوچانەیان ئاوەدانکردبۆوە، پێشمەرگەش بوون لەکاتی پێویستی بەرەنگاربوونەوەدا ئامادەو چالاك بوون، ئەمە جگە لەوەی هەموویان کادری بواری کۆمەڵایەتیش بوون کە لە گوندەکاندا بەشداری راستەوخۆی هەموو جوتیاران و خێزانەکانیان دەکرد لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکدا کەڕووبەڕوویان دەبووەوە، بەشداری خۆشیو ناخۆشی گوندەنشینەکانیان دەکرد.

مامۆستایانی شۆڕش لەسەر ئەرکی پیرۆزی خۆیان بەردەوام بوون بەدرێژایی ئەو ساڵانە تاکو دەستپێکردنی شاڵاوی ڕەشی ئەنفالە بەدناوەکە کاتێك کە دڕندەیی ڕژێم خەڵکی کوردستانی ناچارکرد کۆچ بکەن بەرەو شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرە ملێکان، دەیانو سەدان هەزار کەسیشی ئەنفال کرد و هەموو گوندەکانی کوردستانیان خاپوور کرد، ئەوکاتیش ژمارەیەك لە مامۆستایانی شۆڕش لەچیا سەرکەشەکانی ئەو ناوچانە هاوشان لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگەدا بۆژیانی پارتیزانی مانەوە و ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت کە بتوانین بڵێین لە هەموانیش زیاتر جێ دەستیان دیار بووە.

مامۆستایانی شۆڕش لەمیانەی خەباتی ئەو سەردەمەیاندا خاوەنی ژمارەیەك شەهیدی قارەمانن کە بەخوێنی گەشی ئەوانو ئارەقی ماندونەناسی ئەوانی تر خەباتی چەکو قەڵەمیان پێکەوە گرێ داوە و ئاڵای بەرزی کوردایەتییان هەمیشە شەکاوە و بەرز ڕاگرتووە...

ئێمە وەك مامۆستایانی شۆڕش وەك پێویستییەکی مێژوویی و لە قۆناغێکی دیاری کراودا لە خەباتی گەلەکەمان هاتینە مەیدانی خەباتەوەو سەنگەرێکی گەورەمان لەبواری زانستو چەکداریو کۆمەڵایەتیدا پڕکردەوە کە سەردەمێك بوو دوژمنی سەرسەختی گەلەکەمان بەتۆپو تەیارەو کیمیاوی لە هەموولایەکی کوردستانیان دەدا... شۆڕش هەمیشە شانازی بە خەباتی ڕۆڵەکانی گەلەوە کردووە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوویش ئەو خەباتە خوێناوییەیان تۆمارکردووە...

خەباتی سەختو پڕ سەروەری شۆڕشگێڕان هەمیشە زیندووە، لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك لە قۆناغی مێژوویی و بارودۆخی سیاسی دا ئەو خەباتە لەبیر نەکراوەو لەیادو بۆنەکاندا یاد کراونەتەوە، بەڵام شایەنی وتنە مامۆستایانی شۆڕشکە ئەستێرەیەکی گەشی پرشنگدارو هەمیشە گەشاوەن بە ئاسمانی کوردستانەوە دوای ڕاپەڕین ئەو گرنگیەیان پێ نەدراوەو کاری پێویستیان بەتەواوی بۆنەکراوە...

ساڵانی دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستە ژمارەیەك لەو مامۆستایانە دامەزرێنران و ژمارەیەکیشیان زەوییان پێدرا، بەڵام ئەویش لەژێر فشاری کۆبوونەوە و داواکارییە بەردەوامەکانی ئەو مامۆستایانەدا خۆیان دابوو نەك وەك ئەوەی لێپرسراوان لەخۆیانەوە ئەو کارەیان بۆ ئەنجام بدەن... زۆر لەو بەڵێنانەی درایە مامۆستایان لەسەردەمی خەباتی شاخدا، لەم سەردەمەدا لەبیرچوونەوە، بۆ نموونە ئەو بەڵێنەی کە درایە مامۆستا علاو نوری کە ئەو کات لێپرسراوی یەکەمی سەرجەم ئەو مامۆستایانە بووکە لە سەردەمێکی وەهادا دەکرێتە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەهەواداچوو نەهێنرایەدی، بەڵکو مامۆستا علاو کە سەردەمی ڕژێم لەکار دەرکرابوو لەم سەردەمەدا زۆر زەحمەت توانی بگەڕێتەوە بۆکاری مامۆستایی و لە دەرەوەی سلێمانیش وەك مامۆستایەك دایاننا نەك بەڕێوەبەری قوتابخانەش، ئەوە تەنها نموونەیەکی بچووکەو دەتوانین لەوێوە بەڵێنەکانی تریش هەڵبسەنگێنین.

مامۆستایانی شۆڕش وەك بەشێك لە میللەت و شۆڕش جێی خۆیەتی یادی دامەزراندنو خەباتی سەختو قوربانیدانیان لەبەرچاو بگیرێت و هەمیشە یادبکرێنەوە سەری ڕێز بۆ شەهیدان و ئەنفال بوانیان دابنەوێنن، چونکە مامۆستایانی شۆڕش لەو سەردەمە هەریەکەیان کادرێك بوون بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵك و پەروەردەو فێرکردن و پێشمەرگەی سەنگەریش بوون، دوژمنی فاشی بەغدادیش دیارە هەر ئەو حسابەی بۆ کردوون، هەر بۆیە ئەو خەڵاتەی دیاری کرابوو بۆ هەر مامۆستایەك لەوانە کە خۆی بدات بەدەستەوە زۆر گەورەبوو، ئەوە کە دەدرایە ئەڵقە لەگوێیانی خۆی بۆ لەناوبردنی هەر یەکێك لەو مامۆستایانە دیسان زۆربوو.

کەواتە دەکراو دەبوو مامۆستایانی شۆڕش لەڕیزی پێشەوەی خەباتگێڕاندا دابنرێن و حسابیان بۆ بکرێت، ئەوەش پێوەرە بۆ وەرگرتنی هەڵوێست بەرامبەر بەلێپرسراوان و ئەو لایەنەی کە خۆی بەدڵسۆزی میللەت و شۆڕش زانیووە و دەزانێت لەم سەردەمەدا.